# دووبەرەکی دەبێتە مایەی شکاندن ولاوازی

[ kurdish – کوردی – كردي ]

پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ ولا تنازعوا فتفشلوا ﴾

« باللغة الكردية »

بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# دووبەرەکی دەبێتە مایەی شکاندن ولاوازی

ووشەی دووبەرەکی ( التنازع ) لە قورئانی پیرۆزدا لە حەوت شوێن هاتوە، وە ووشەی شکاندن ودۆڕاندن( الفشل ) لە چوار شوێندا هاتوە، وە لە سێ شوێندا هەر دوو وشەکە پێکەوە هاتوون.

خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللَّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُمْ بِإِذْنِهِ حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ وَعَصَيْتُمْ مِنْ بَعْدِ مَا أَرَاكُمْ مَا تُحِبُّونَ مِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الْآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنْكُمْ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ}(آل عمران:١٥٢).

واتە: سوێندبێ بێگومان خوا بەجێ هێنا بۆتان بەڵێنەکەی کاتێک(سەرەتای جەنگی ئوحود) هەستتان لێ پڕین(دەتان کوشتن) بە فەرمانی خوا هەتا کاتێ(لە ناکاو) سست بوون ئاژاوە و دووبەرەکیتان کرد لەکاری جەنگدا وەبێ فەرمانیتان کرد لە پاش ئەوەی کە خوا نیشانی دان ئەوەی(لە جەنگەکەدا) پێتان خۆش بوو(کە سەرکەوتن لە سەرەتای جەنگەکەدا) هەندێک لە ئێوە (دەسکەوتی) دنیایی دەویست وە هەندێکتان پاداشتی ڕۆژی دوایی دەویست پاشان(خوا) ئێوەی گێڕایەوە لە (جەنگی) ئەوان(و تێ شکان) تا تاقیتان بکاتەوە (لە خۆڕاگرتندا) سوێند بێ بێگومان خوا لێتان بوورا وە خوا خاوەنی بەهرە و چاکەیە بەسەر ڕوادارانەوە.(تەفسیری پوختەی قورئان).

وە خوای گەورە دەفەرموێت: { إِذْ يُرِيكَهُمُ اللَّهُ فِي مَنَامِكَ قَلِيلًا وَلَوْ أَرَاكَهُمْ كَثِيرًا لَفَشِلْتُمْ وَلَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ وَلَكِنَّ اللَّهَ سَلَّمَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ }(الأنفال:٤٣).

واتە: کاتێک خوا ئەوانی لە خەونتدا بەکەم نیشان ئەدایت، خۆ ئەگەر ئەوانی بەژمارەیەکی زۆر نیشانی بدایتایە ئەوە ئێوە لاواز دەبوون و تووشی نەهامەتی و کێشە دەبوون لە بارەی جەنگ کردنەوە، بەڵام خوا بە سەلامەتی و سەرکەوتوویی لەو ترس و کێشەیە ڕزگاری کردن، چونکە بەڕاستی ئەو زاتە زانایە بەهەرچی لەناو دڵ و دەروون و سینەکاندا حەشار دراوە.(تەفسیری ئاسان).

وە ئایەتی سێهەم کە مەبستمانە باسی لێوە بکەیین لەم وتارە بریتیە لە فەرموودەی خوای گەورە: { وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ }(الأنفال:٤٦).

واتە:{وأطيعوا الله ورسولە} وەگوێ ڕایەڵیی لە فەرمانەکانی خواو پەیامبەری ئەو بکەن {ولا تنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم} وقڕە قڕو کێشەش لەگەڵ یەکتردا مەکەن، هەتا هێزو تواناتان بچێ و، ئەوساش کزو لاوازو سست ببن {واصبروا إن الله مع الصابرين} ئارامتان بێت- کاتێ بەدوژمن گەیشتن - چونکە دڵنیابن خوا لەگەڵ ئارامگراندایە.(تەفسیری ڕامان).

ووشەی ( التنازع ) واتە: ناکۆکی ، دووبەرەکی، ئاژاوە .. وە وشەی ( الفشل ) بە واتای: لاوازی و ترسنۆکی و نەبوونی هێزیی ماددی و مەعنەوی دێت.

وە ئایەتی { وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا } هەواڵێکی ڕوونە، وە نەهێکی یەکلاکەرەوەیە، وە سوننەتێکی جێگیرە، بەڵگەیە لەسەر فەشل و گەڕانەوە بەرەو دواوە لەسەر ئاستی کۆمەڵ وتاك، هەمووی بە هۆی ناکۆکی ودووبەرەکیەوەیە، چونکە ئەو دوو شتە لەیەك جیانابنەوە، وەکو پەیوەندی هۆ بە هۆکارەکەیەوەیە.

ئەگەر تێبینی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بکەیین دەبینین کەوا ئەو مانانەی پێکەوە گرێداوە، وە هەمووی ڕێکخستووە بەسەر یەکەوە، دەرئەنجامی گرێداوە بە هۆکارەکانیەوە، وە ئەمە بروگرمای قورئانی پیرۆزە لە زۆربەی ئایەتەکان، کەوا یاسایەکی گشتیمان بۆ بریار دەدات کە نەگۆڕبێت، بەڵکو لەسەر ڕێگەیەکی جێگری نەگۆڕە.

خوای گەورە دەفەرموێت:{ اسْتِكْبَارًا فِي الْأَرْضِ وَمَكْرَ السَّيِّئِ وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ فَهَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا سُنَّةَ الْأَوَّلِينَ فَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَحْوِيلًا } (فاطر:٤٣) .

واتە: لەبەر خۆ بەزل زانی لەزەویدا و فێڵ و پیلانی خراپ کردن وە فێڵ و پیلانی خراپ تەنیا زیان بە خاوەنەکەی دەگەیەنێ دەی کەواتە ئەوان جگە لە چارەنووسی پێشینان چاوەڕوانی شتێ تر دەکەن؟ چونکە باوی خوا هەرگیز گۆڕانی بۆ نییە و باوی خوا لادانی بۆ نییە. (تەفسیری پوختەی قورئان).

ئەوەی لەپێشەوە باس کرا ئەوە دەگەیەنێت هەر ناکۆکێك کەوا نەهی لێکرا بێت پێویست دەکات کەوا فەرمانی قەدەغەکردنی هۆکارەکانی ناکۆکی و پێداویستیەکانی بکرێت لە دوبەرەکی و جیابوونەوە، هەروەها فەرمانی بەدەست هێنانی هۆکارەکانی تێگەیشتن و بەیەکگەشتن بکرێت لە ڕاوێژ وهاوکاری وتابایی.

بە کورتی مەبەست لەم ئایەتە: ناکۆکی و دووبەرەکی ئەنجامەکەی فەشل و زەرەرمەندیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، وە هاوکاری وتەبایی هۆیەکە بۆ سەرفرازی وسەرکەوتن لە دونیا و قیامەتدا.

وە ئەوەی مێژوو بخوێنێتەوە ـ بە مێژوی ئومەتی ئیسلامیەوە ـ ئەم ڕاستیەی قورئانی پیرۆزی بۆ دەردەکەوێت.

وە جێی داخە ئەمڕۆ ئەبینین دوژمنانی ئیسلام ریزەکانی خۆیان یەك دەخەن بۆ لەناوبردنی موسڵمان و بە هەموو شێوەیەك دژیاتی ئیسلام دەکەن وسوپاکانیان لە وڵاتی ئیسلامی بڵاوبوەتەوە بۆ ئەو مەبەستە...

بەڵام ئەگەر تەماشای حاڵی موسڵمانان بکەین دەبینین کەوا خەریکی خۆیانن و ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوانیاندا بڵاوبوەتەوە، بەزمانی حاڵی خۆیان  بە دوژمنان دەڵێن: پارەو پولی خۆتان سەرف مەکەن و پارێزگاری لە سەربازەکانتان بکەن؛ چونکە ئێمە لە جیاتی ئێوە کاردەکەین وئیسلام وموسڵمانانتان بۆ لاواز دەکەین.

بەڕاستی سەیرم دێت بە حاڵی موسڵمانان!!

دژایەتی یەکتر دەکەن و وڵاتیان داگیرکراوە!!

دژایەتی یەکتر دەکەن و هەموو جۆرە ئابلۆقەێکییان لەسەرە!!

دژایەتی یەکتر دەکەن و هەموو جیهانی کوفر تومەتباریان دەکەن بە تیرۆرست!!

کاتی ئەوە هاتووە بەئاگا بێن و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆمان و دەمارگیری بۆ ئەم و ئەو بەلا بنێین و ریزەکانمان یەکخەین بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی جوان و ڕێك و پێك ئاینی ئیسلامی پیرۆز بڵاوبکەینەوە و ببینە هۆکارێك بۆ گەڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامی...

داواکارم لە خوای گەورە یەکریزی بخاتە نێوان موسڵمانانەوە و کۆیانکاتەوە لەسەر قورئان وسوننەت.